# کاتی دواین قسەیە

**رانانی : نەرمین سەعید**

یەکێکی تر لە بڵاوکراوەکانی تری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەرهەمێکی نوێی ئەنوەر حسێن (بازگر)ە کە چاپی دووەمە و بەناوی ((کاتی دواین قسەیە)) کە بە قەبارەی (240) لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی کارۆوە چاپکراوە.
ئەم کتێبەی نووسەر بریتییە لە کۆمەڵێ ستوونی رۆژنامەوانی لە هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ و هەفتەنامەی هەواڵدا بڵاوکراونەتەوە و چەندین بابەتی گرنگی لەسەر رووداوەکانی رۆژ لە چەند زەمەنێکی جیاوازدا لەخۆگرتووە.
نووسەر لە یەکێك لەم بابەتانەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێدەکات ئەو بارو و گوزەرانەیە کە خەڵکانی ناوچەکانی تری کوردستان تێیدا ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبات و، ئەو ئەو ژیانەی چواندووە بە ژیانی قەرەجەکانی پاریس و پێی وایە زۆربەیان ژیانێکی سادە و ساکار ناتوانن بژین، کە تێیدا ئاماژە بە کوردەکانی ئێران لە کەمپی باریکە و کوردە ئاوارەکانی تورکیا لە کەمپی مەخمور و یان ئاوارەیەکی کوردی سوریا دەڵی دەبێت کچەکانی بەسەرە ماکسی لەبەربکەن، ئەمە لە کوێی ماڵی قەرەجەکانی پاریس لە کوێ کە ئەوان ژیانیان نەك لەو ئاوارانە خۆشترە رەنگە ، لە هەندێ رووەوە لە هاولاتی تری ئەم وڵاتە باشتر بژین.




قسەکە ئەوەیە کە ئەمانە لە پێناو ئازادیدا قوربانیان بە ژیانی خۆیان داوە و نایانەوێ ببنە جاش و خۆفرۆش، وەك نووسەر دەڵی هیچ کەس هەست بە ماناکانی ئازادی ناکات و دڵی بۆی لێنادات و ، تامەزرۆیی تا ئەوپەڕی یەقین نابێتە خەونی کە تامی ئازادی لێنەسەندرابێتەوە، بە تایبەتی کەبێ ئازادی ژیابێ و دڵی دەرهاتبی بۆ هاوارێك بە ئازادی، کە بۆنی بەهاری لەودیو شیشی زیندانەوە کردبێ، بۆیە کەمنین ئەوانەی کە لە پێناو ئازادیدا رەنجی زۆریان کێشاو نیوەی ئەمەشیان لەو پێناوەدا دانا ڤیکتۆر خارا تەنها دەیویست بە گیتارەکەی داکۆکی چەپە شۆڕشگێڕەکان و کرێکارەکان بکات لە سێدارە دانیاندا.
دواتر نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەریەکە لە حەلاج لە سێدارە درا، نێلسۆن ماندێلا ، نمونەی قارەمانی زیندانی بیست و حەوت ساڵ و سان سوکی ژنە تێکۆشەری ناسراوی بۆرما کە قوربانین بۆ ئازادی خۆیان و وڵاتەکانیان.
هەروەها نووسەر ئاماژە بەوە دەکات ، کە دەبێت هەموو شت مافی خۆی پێبدرێت واتە کۆی شتەکان بە یاسا رێکبخرێت و چوارچێوەی ماف و ئەرکی بۆ دیاری بکرێت هەروەها چەمکی (پاداشت و سزا) لە ماف و ئەرك لە بەرپرسیارێتی و لێپرسراوی (دادپەروەری و یەکسانی )هتد پەیڕەو بکرێ ، بۆ نمونە ئاماژە بەوەدەکات کە نابی دیاری و بەخشینی پاداشت و ئیمتیاز هەر بۆ کەسانی سەرەوە بێت، دەبێت ئەو سەدان کرێکار و پۆلیس و مرور و پاسەوان و زەحمەتکێشانەی حکومەتیش بگرێتەوە و خەلات بکرێن.
ئەم هەوڵەی نووسەر بە قەد ئەوەی رەخنەگرتن و پێشنیارکردنە بۆ ئیش و کارەکانی حکومەت نیو ئەوەندە پیاهەڵدان نیە، چونکە ئەوەی سلکی حکومەت و کایەکانی دەسەلات بەهێز دەکات رەخنەگرتن و پێشنیارکردن و بەرچاو روونیە بۆ باشترکردنی ئیش و کارەکانی داهاتووی، بەڵام بەداخەوە ئێمە زۆرجار واتێگەیشتوین کە رەخنەگرتن و دەرخستنی کەم و کوڕییەکان رق و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتییەوە والێی دەڕوانین کە ئەوانە دژمانە ، بەڵام لە راستیدا ئەو کەسە هاوکارە کە رەخنە و عەیب و کەم و کوڕی دەدەخات ، بەڵام و ئەوەی کە چەپڵە لێدەدات و ئاماژە تەنها بەلایەنە باشەکان دەکات، ئەوانە ماستاوچین و لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا کاردەکەن و بەرژەوەندی شەخسی پێش بەرژەوەندییە گشتیەکان دەخەن.